**پارسوا**

کاک عومەر عەبدوڵلابەگی لە ژمارە ١٢١ی گۆڤاری "رامان"دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی "جێگەی پارسوا لە مێژووی کوردستاندا". وتارەکە لە پەیوەندی ساغ کردنەوەی بنەمای وشەی "پارسوا" و پارس(فارس) و هەروەها شوێنایەتی پارسوا و دراوسێیەتی لەگەڵ ماد دا نووسراوە و ئەساسەکەی لەسەر بۆچوونێکی "دیاکۆ نۆفە" کە گوتوویەتی پارسوا بە واتەی پەراسوو(قەبرغە) یە و وشەیەکی مادەی یە. کاک عومەر لە باسەکەی خۆیدا سوود لە بۆچوونی "میهردادی بەهار" نووسەری ئێرانی وەردەگرێت و بۆچوونی کاک مەحموودی پێدرام دەداتە دواوە کە پارسوای بردۆتە سەر "پەسوێ" یا بۆچوونی کاک رەحیمی شنۆیی مەحموودزادە کە لە رێگەی واتا کردنەوەی وشەی پرسە(پرلە سەگ) ەوە دەگاتە هەمان ئاکامی کاک مەحموود. هەرچۆنێک بێت، بابەتەکە گەلێک گرنگە و جێگەی خۆشحاڵییە کە کورد پسپۆری زانا و خاوەن بۆچوونی لێ هەڵدەکەوێت.

ئەوەی لە پەیوەندی بۆکان دا بێت ئەوەیە شارسانیەتی جێگەی باس واتە "پارسوا" لە دراوسێیەتی ماد دا بووە و تەنانەت لە بۆچوونی هەندێ کەس دا شوێنایەتی ماد بریتی بووە لە باشووری گۆلی ورمێ تا گوندی "بست"ی دیواندەرە- کە هەموو ناوچەی بۆکانیش دەگرێتەبەر، بەم هۆیە و بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووی سەردەمی ماد و دوای ئەوی ناوچەی بۆکان گەلێک بەسوودە. بەداخەوە سەرچاوەکانی بەردەستی کاک عومەر هەمووی فارسین و بۆ نموونە، تێیدا کەڵک لە نووسراوەکانی مینۆرسکی وەرنەگێراوە کە راست لەسەر ئەو بابەتە گەلێک وتاری نووسیون و هەندێکیان تەنانەت وەرگەڕاونەتە سەر کوردی.

عومەر عەبدوڵلابەگی، "جێگەی پارسوا لە مێژووی کوردستاندا" گۆڤاری رامان، ژمارە ١٢١، هەولێر، ٢٠٠٧/٦/٥

